لە بەیانی ئەمڕۆ تورکیا چەندین ناوچە و گوند وپێگەی مەدەنی لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردوومان کرد

بەرلەبەیانی ئەمڕۆ سەشەممە، بە فڕۆکەی بە فڕۆکەوان، تورکیا چەندین ناوچە و گوندی لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردوومان کرد.

سوپای تورکیا گوندەکانی سەرامیدە و سوەدا و مشیرفە و حاجی حەسەن و تایسی سەر بە عەین عیسای تێپباران کرد، هەروەها گوندی ئوم سەهاریجی ڕۆژئاوای شارەکەی بە فڕۆکەی بە فڕۆکەوان کردە ئامانج.

هەر بەگوێرەی زانیارییەکان، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەوروبەری بەنداوی تشرینیان بەردوومان کردو، هەروەها گوندەکانی تینا و بیر حەسە و غاسق و سەپەتی باشوری کۆبانە و کۆگایەکی گەنم لە سیرین بەردومان کران، تاوەکوو ئێستاش زیانەکان نەزانراون.